# تورکەکەی لە هەردوو جەژن بووا!

مستەفا گەرمیانی



تورکیا لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، باکوور و باشووری زەویدا بووەتە کەشتییەک کە چوار کاپیتان، یان ئۆتۆمبیلێک کە چوار شۆفێری هەبێت و هەریەکەیان بەرەو لایەکی لێخوڕن!

- عەبدوڵلا گول؛ لە نامەیەکدا، عەمرو موسا و جیهانی عەرەب دڵنیا دەکاتەوە کە (هێزەکانی تورکیا ناچێتە باکووری عێراقەوە)،
- سەرۆکی ئەرکانی سوپای تورکیا دەڵێ: ( ئەگەر نەچینە باکووری عێراقەوە ئاسایشی نەتەوەیی تورک لە مەترسیدایە.)،
- ڕەجەب تەیب ئەردۆغان وتی: ( ئامادەین ڕێگە بە سوپای ئەمریکا بدەین بەناو تورکیادا بگاتە باکووری عێراق.)
- پەرلەمانی تورکیا بە زۆربەی دەنگ ئەو داوایەی ڕەت کردەوە کە سوپای تورکیا بەناو تورکیادا تێپەڕێت.

لە سەرەتاوە تورکیا لە بری تێپەڕبوونی هێزەکانی ئەمریکا بەناو خاکەکەیدا داوای ٣٠ ملیارد دۆلاری دەکرد، پاشان هاتە سەر شەش ملیارد و، لە دواییشدا سفر. ئەمەریکا خۆی هەموو پلانەکەی هەڵوەشاندەوە.

یەکێتی ئەوروپا EU، لە ٢٥ ی مارتدا پێشنیاری بڕی یەک ملیارد یۆرۆی دا بە تورکیا لە بری نەچوونە ژوورەوەی تورکیا بۆ ناو خاکی باشووری کوردستان.

لە نێوان ئەم هەموو ئاڵۆزییەدا حکومەتی تورکیا نازانێت کام ڕێگە بگرێت. لە ڕۆژی ٢٥ ی مارتدا عەبدوڵلا گول بەم شێوەیە بۆ کەناڵی CNN دووا: (تورکیا مافی دروستکردنی ناوچەیەکی ئاسایشی هەیە لە باکووری عێراق، ئەگەر شەپۆلی پەنابەران ڕووبکاتە تورکیا.) . ئەمەش واتە تورکیا بەشداری شەڕ ناکات لە دژی عێراق. ئەمەش واتای کەم بایاخبوونەوەی تورکیا دەدات بە لای ئەمەریکاوە. لەولاشەوە قسەکەرێکی EU لە ٢٥ ی مارتدا وتی (تورکای ئەوروپا نییە و، پایتەختەکەی لە دەرەوەی ئەوروپایە و ٩٥ % ی دانیشتوانی لە دەرەوەی ئەوروپایە.) . هەروەها بارودۆخی تورکیا و بازبازێنەی

www.kurdistannet.org

هەڵوێستەکانی دڵی تورکمانەکانیشی سارد کردۆتەوە کە چاوەڕوانی یارمەتییەکی گەورە بوون لە تورکیاوە. تورکیا لە لایەکەوە ڕێگەی لەسوپای ئەمەریکا گرت بە ناو خاکەکەیدا بڕوات، لەبەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆی، لە لایەکی تریشەوە زانراو نییە کە بتوانێ یەکێتی ئەوروپا قایل بکات کە ئەندامێتی قبوڵ بکات. هەروەکو ماوەیەک لەمەوپێش ڕۆژنامەنووسێکی تورک لە کارڵ بیلدت، سیاسەتمەداری ناسراوی سوێدی پرسی: (کەی تورکیا دەبێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا؟) ، ئەویش لە وەڵامدا وتی: ( کەی من مردم!) . ڕۆژنامەنووسەکەش وتی: (تێناگەم!) ، کارڵ بیلدت وتی: (من ئێستا پەنجاساڵم، سوێدییەکان هەشتا ساڵ ناوەندی تەمەنیانە، ئیتر خۆت لێکی بدەرەوە.)

ئەگەر بە پێی ئەمە بێت تورکیا لە نزیکی ساڵی ٢٠٣٠، ڕەنگە بتوانێ ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا!!

بۆیە لەمەودوا پەندە کوردییەکە دەبێتە: ( تورکەکەی لە هەردوو جەژن بوو!)

www.kurdistannet.org کوردستان نێت